دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا کە تانەدان لە یاسا مشتومڕاویەکان ڕەت بکاتەوە

دادگای فیدراڵی عێراق، لەبارەی هەر سێ یاسای گەڕاندنەوەی موڵک بە خاوەنەکەی، باری هەمواری باری کەسی و لەبوردنی گشتی بڕیاریدا بەوەی راگرتنەکە هەبوەشێتەوە و یاساکان جێبەجێ بکرێن

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بڕیاریدا کە تانەدان لە یاسای لەبوردنی گشتی، باری کەسی و گەڕاندنەوەی موڵک و ماڵی بە خاوەنەکەی ڕەت بکاتەوە.
ئاماژەی بەوەشکرد، بڕیاری داوە بە هەوەشاندنەوەی فەرمانی دەوڵەت بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی یاساکانی لەبوردنی گشتی، باری کەسی و موڵک و ماڵی بە خاوەنەکەی.
دادوەر جاسم عەبود، سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی لەمیانەی بڕیارەوەچونی دانیشتنەکەدا ڕایگەیاند، نابێت هیچ یاسایەک دەربکرێت کە لەگەڵ دەستوری عێراقدا ناکۆك بێت.

دەشێت، "بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بەهیچ شێوەیەك تانەیان لێنادرێت و شیاوی ڕەتکردنەوە نین و دەبێت جێبەجێ بکرێن لەلایەن تەواوی دەسەڵاتەکانی عێراقەوە".